
# کاک فەتاح زاخۆی خەمت نەبێ, مامە خۆی وتی



مێژووی ئێمە ی کورد مەهزەلەیە . خائینانی دوێنێ دەبنە ڕابەرابی ئەمڕۆ و ترسنۆکانی دوێنێ دەبنە قارەمانانی ئەمڕۆ و ئەوانەی کە دوێنێ سوێندمان بەسەریان دەخوارد و شیعروشانامەمان بەسەریاندا هەڵدەدا ئەمڕۆ بە شەرمەزاریان دەزانین و ئاواتە خوازین لە کۆڵمان ببنەوە ، ئەوانەی کە خۆمان کردە سێبەری سەریان ، ئەمڕۆ وەک مۆتەکە سواری سەرمان بوون و وەک ماریش ئاڵاونەتە گەردنمان . کارگەیشتوەتە ئەوەی پرسیار گەلێکی شەرمەزاری و گومانی وامان لادروست بوە کەسمان ناوێرین هەتا لە خۆشمانی بکەین ، وەک وێل بوویەکی ناو بیابان بەدوای کلیلی کردنەوەی نهێنیەکانەوەین بەڵام هەر لەسەرەتای رێدا لە پەلوپۆ دەکەوین و کۆتایمان پێدێت . خوێنەری بەڕێز : کاتێک فاشستەکان تەڕو وشکی کوردیان پێکەوە دەسوتان ، ئێمەش وەک گورگی برسی ناو بەستەڵەکی زستان بەربوبوینە گیانی یەکتری . دوای ڕاپەڕین دەبوایە بینای وولاتی وێران کراومان بکردایەتەوە ، بەلام وێرانتریان کردەوە . دەبوایە مرۆڤی کوردمان بەهێز بکردایە ، بەڵام ئەو هێزەشی کە تیامابوو ، تێکیان شکان ، برسی کران ، تیرۆر کران ،ئاوارەکران ، ریسواکران .... هێشتا هەرخۆیان بە پاک و ڕابەردەدایە قەڵەم و وەک ئەوەی ئەم خەڵکە بەشمەینەتە تاوانێکی کردبێت و بەسزای گەل و شۆڕشی گەیەنرابن . لەکاتی ڕیفراندۆمی نافەرمیدا ٩٨% ی خەڵکی باشور دەنگی بۆ سەربەخۆی دا ، بەڵام ئەوان وەک بەرماوەی سەر مێزی ڕابواردنەکانیا فرێیاندایە زبڵدانەوە بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ هەستی خەڵکی بکەن !!!!!تۆ ئەمە ناودەنێت چی ؟ ئێمە خۆمان تاوانبارین یان ئەوان ؟.

ئەگەر تاوانی خۆمانە ، دەبا بەردێکی بخەینەسەر و چیتر هیچ چەنە بازیەک نەکەین ، ئەگەر تاوانی ئەوانیشە دەبا هیمەت بکەین و لایەک لەو هەموو گووڵە هەڵوەریوانە و پەپولەسوتێنراوانە بکەینەوە .

کاک عیماد ئەحمەد کە ئێستاکە نا پەرپرسانە بە سود وەرگرتن لەجێگەو ڕێگەی دەستەڵاتی بەو شێوەیە ڕوودەکاتە کاک فەتاح خلیل دەبوایە پێش هەرکەسێک خۆی و هاوڕێیانی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرایە . دەبوایە پێش ئەوانیش مام جەلال ڕاپێچی دادگا بکرایە . کاک عیماد خۆی شاهیدە کاتێک مام لە٧ . ٩ .١٩٩٣ توڕەبوو ووتی : ئەو زەربەیەی عیراقچیەکان لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کوردیان داوە ، هەرگیز ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم نەیداوە و مێژووش خۆش نابێت لێیان . کوردیش ڕاست دەکات دەڵێت گۆزە بەدەستی کەیبانو بشکێ زرەی نایە .

حاجی ئەنوەر / سویسرا ٢٠٠٥/١٠/٢٨